www.kurdistannet.org
15-8-2003 10:35

# ما العمل ؟

یاسین قادر

دیارەووتنی (ماالعمل) ەلەكەی من هەرچەندە لە پرسیارە بەناوبانگەی لینینەوە نزیكە كەكاتی خۆی كردی ولەوبارەشەوە كتێبێكی نووسی، دیارە مەبەستی من لێرەدا ئەوەنیە كەكتومت ئێمەش ئەوپرسیارە بكەین كەكاتی خۆی ئەو كردویەتی، بەلاّم لێرەوە جێگەی خۆیەتی كە ئێمەش ئەو پرسیارە لەخۆمان بكەین و بپرسین ئاخۆ ئێمەی كورد دوایی هاتنەدیی خەونی ڕوخانی دەسەلاّتی سەدام حسین و حیزبی بەعس چیمان كردو چەندێ لەخەونەكانمان هاتەدی ؟ یان ئەگەر خەونەكانمان نەهاتۆتەدی چییە وایكردوە بەدوایی ڕوخاندنی ئەو ڕژێمەشدا ئێمە هەروێڵ بین بەدوای ئەوخەونانەوە كەئەساهەمان بوو ؟ ئێمە چەند نەوە و بەدرێژای چەند ساڵ ئەو خەونەمان دەبینی كە ببینین ئەو دەسەلاّتە نەمێنی و ئێمەش وەك هەرگەلێكی تر هەناسەیەكی ئازادی و ئارامی هەلبمژین، كەچی ئەمڕۆ هەرچەندە ئەو خەونەشمان هاتۆتەدی وئەودەسەلاّتەنەماوە، كەچی دیسانەوە دەبینین زیندانەكان سیخناخن، مێرمندالأن لەسەردزینی بەلوعەیەك چەندساڵ زیندانی دەكرێت وسیخورەكانیش كەس پێیان ناڵێت پشتی چاویان برۆیە، سەیتەرەكانی حیزب ڕێگریەكانی دەسەلاّت و هەڕەشەكانی موحەرەمەكان لەنێو ماڵەكانمانەوە دەست پێدەكەن و لەپۆلی یەكەمی سەرەتاییەوە سەرەتاركێ لەمناڵەكانمان دەكەن، هێشتا مەلای مزگەوتەكەی دراوسێمان بەخوتبەئاینیەكانیخەڵكی گەڕەك بەئاگری جەهەنەم دەترسێنی و شەرعیەتی لەیاسا زیاترە، ئاخر ئەو كاتانە گەرای دیكتاتۆریەت گەشە دەكات كە ئەو بەئارەزووی خۆی لەبڵنگۆكانی مزگەوتەكەوە بەیانی زوو لەخەو ڕامچەنێ و منیش نەتوانم پێی بلێم كاكە هێواش مناڵەكانمان خەوتون. . نەخۆشمان هەیە و دەمەوێت كەمێك بحەوێمەوە ! ئەوكاتانەو لەوولاّتانە گەرای ناهەقیو دیكتاتۆری زیاد دەكات كەڕۆژنامەكان نەتوانن لە كەموكوڕیەكانی دەسەلاّت بدوێن، من ناتوانم بلێم خەونەكانی ئێمە زرە خەوبوە كەدوای دەسەلاّتی ڕەشی سەدامیش سەیتەرەی حیزب لەنێوان هەولێرو سلیمانی پێم بلێت : بۆكوێ دەچیت ؟ خەڵكی كام شاریت ؟ من ناتوانم ئێستا لەخۆم نەپرسم ئاخۆ خەونەكانی ئێمە بۆڕوخانی بەعس لەجێ خۆیدا نەبوو یان ئێمەی كورد ئێستا لەئاستی ئەو هەلومەرجەدانین كەهاتۆتە ئاراوە ؟ من ناتوانم بیرلەوەنەكەمەوە ئاخۆ بۆچی ئێمە دەبێت زەریبەی خەڵكی شیعەی توندڕەوو كۆنە بەعسی وسیخورەكانی ناوخومان بدەینەوە ؟ من تێناگەم بۆچی ئەو هەشت سەد ڕۆژنامەنوسەی ژێردەسەلاّتی یەكێتی و ئەو حەوت سەد ڕۆژنامەنوسەی ژێردەسەلاّتی پارتی ئەو پرسیارانە ناوروژێنن وبەرەو ڕووی دەسەلاّتەكوردیەكانی ناكەنەوە كەمن هەر تەسلیم ئەمری واقیع بم ونەتوانم و نەزانم چی دەگوزەرێت لەپشتی پەردەوە، ئیتر چی زەمانەتی لەدایك بونەوەی سەدامی لاودەكات، ئەمڕۆ كەنیوە زیاتری ئەندامانی مەجلیسی حوكم ئامادەنەبن تەوقەلەگەڵ ئەندامە مێینەكانی هاوشانیان نەكەن و ئەوانیش لەبەرخاتری ئەوەی نەزەریان حەرام نەبێت لەچك بپۆشن، ئیتر چی زەمانەتی ئەوەدەكات خەڵك ئەومافەی لێ زەوت نەكرێتەوە كە بپرسێت چی دەكەین و بەرنامەتان چییە بۆخۆشگوزەرانی ؟ تاكو ئێمەش دوایی ئەو خەونەمان بزانین چۆن دەتوانین خۆشتر لەجاران بژین و خەون بەئایندەیەكە ببینین كەخاڵی بێت لەجەنجاڵ كردەوەو بیركردنەوەی بەعسیزم.

. .

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.